# ئەگەر ئەوانەت بینی کە شوێنی -ئەو ئایەتانە دەکەون- کە ڕوون نین -لە قورئاندا-، ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی هێناوە (کە لایانداوە لە هەق وڕاستی)؛ بۆیە ئاگادار بن لێیان

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} [آل عمران: 7] دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ئەوانەت بینی کە شوێنی -ئەو ئایەتانە دەکەون- کە ڕوون نین -لە قورئاندا-، ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی هێناوە (کە لایانداوە لە هەق وڕاستی)؛ بۆیە ئاگادار بن لێیان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ}، لەم ئایەتەدا خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە قورئانی دابەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی، چەندەها ئایەتی ئاماژەی ڕوونی تێدایە وحوکمەکانی زانراوە وهیچ گومانێکی تێدا نیە، ئەمە بنچینە وسەرچاوەیە، ودەبێت بۆی بگەڕێینەوە لەکاتی ناکۆکی، وهەروەها چەند ئایەتێکی تێدایە کە ماناکەی ڕوون نیە لای هەندێک خەڵک، یان پێیان وایە لەنێوان ئەو ئایەتانە وئایەتی تر دژیەکی هەیە، پاشان خوای گەورە مامەڵەی خەڵکی لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا ڕوون کردووەتەوە، ئەوانەی لە دڵیان لادان لە هەق هەیە واز لەوە دێنن کە ڕوونە وهیچ گومانی تێدا نیە، ودەست بە ئەو ئایەتانەوە دەگرن کە ئەگەری زیاتر لە مانایەکی تێدایە، مەبەستیان لەم کارە دروستکردنی گومان وگومڕاکردنی خەڵکیە، یان بەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە لەگەڵ هەوا وئارەزوویان دەگونجێت، بەڵام ئەوانەی خاوەن زانستن ودامەزراون تێیدا دەزانن سەبارەت بە ئەم ئایەتە ناڕوونە، ودەیگێڕێنەوە بۆ سەر ئەو ئایەتەی ڕوون وئاشکرایە، وباوەڕیان پێی هەیە کە لە لایەن الله وە دابەزێندراوە -سبحانه وتعالى-، وناکرێت گومان ودژیەکی تێدا بێت، بەڵام تەنها ئەوانەی خاوەن ئەقڵی سەلامەتن پەند وئامۆژگاری لەم بابەتە وەردەگرن، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ی فەرموو : ئەگەر ئەوانەی بینی کە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەن کە ناڕوونە ؛ ئەوانەن کە خوای گەورە ناویانی هێناوە کاتێک دەفەرموێت: { فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ } واتە: { ئەو کەسانەی کە لە دڵیاندا لادان و چەوتی هەیە } ؛ ئاگادار بن لێیان وگوێیان لێمەگرن.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee